# پیاوێک بوو ناوی سەددام حوسەین بوو

**ئەمجەد شاکەلی**

دوێنێ شەو لەگەڵ کچەکانمدا ناز و ڕاز و پەری، تا کاتژمێر سێ و بیست خولەکەی بەیانی دانیشتبووین. تا دەوروبەری کاتژمێر دوازدە تەماشای فیلمێکی دیڤیدی(DVD)مان کرد و دواتریش بە تەماشای تەلەڤزیۆن و باسی هەڵواسینی سەددام حوسەین، کە دەبوو ئیدی جێبەجێ بکرێت، و وردە باسی دیکەوە تا کاتژمێر سێ و بیست خولەکەی بەیانی بردمانە سەر. دوای ئەوە چوومە سەر جێگە بۆ خەوتن، بەڵام خەوم زڕا و خەو نەچووە چاوم. کاتژمێر چوار و بیستویەک خولەکە زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا و کە تەماشام کرد دیتم تەلەفۆننامەیەکم لە دۆستیکمەوە پێگەیشتووە، کە دەڵێ:"پیرۆزە سەددام لە سێدارە درا هەر ئێستا".

سەددام حوسەین، وەک سەرۆکی عیراق و بەرپرسی وڵاتیک، دوای گرتنی بە تاوانی بەرپرسیی لە تاوانگەلێک، کە دژ بە خەڵکی عیراق کراون، دادگایی کرا. هەموو سەرکردە و دەسەڵاتدار و سەردار و فەرمانڕەوایەکی جیهان، باش بن یا خراپ، دادوەر بن یا دیکتاتۆر، گەلێر بن یاناگەلێر، خراپەکاری و چاکەکارییەکانیان زۆرجاران هەر بە تەنێ بۆ خۆیان دەنووسرێن و دەگێڕدێنەوە و خەڵک تەنێ ئەوان بە بەرپرسی هەموو ڕووداوەکان(خراپ یا باش) دەزانێت. ئێستاش خەڵک، کە باسی پێشکەوتنی وڵاتێک و خۆشگوزەرانی گەلێک دەکەن، دەیگێڕنەوە بۆ سەرداری وڵاتەکە و تەنێ بە هی ئەوی دەزانن. ئێستایش خەڵک هەرچی تاوانی نازیزمە لە هیتلەردا دەیبینن، هەرچی تاوانی کۆمۆنیزمە لە ستالیندا دەیبینن، هەرچی تاوانێکە، کە لە ڕۆمانیای بەنێو "سۆسیالیست"دا کراوە لە چاوچێسکۆیدا دەبینن و هەرچی تاوانی بەعس و شۆڤینیزمی عەرەبە لە عیراقدا خەڵک لە سەددام حوسەیندا دەیبینن.

سەددام حوسەین ئەگەر وەک مرۆڤێک، وەک تاکێک، فەرماندە و ڕێبەری عیراق بووبێت، ئەوا دید و هزر و کار و بڕیارەکانی، دەسگا و دامەزراو و فەرهەنگێک بوون، کە میلیۆنان خەڵکی عیراق و وڵاتانی عەرەبی ڕەدوو کەوتبوون. سەددام حوسەین و هیچ دیکتاتۆرێکی ئەم جیهانە، تەنێ خۆیان بەرپرس نین لەوەی، کە لە وڵاتەکەیاندا ڕوودەدات. سەددام حوسەین، لەشکرێکی چەند میلیۆنیی بەعس و موخابەرات و سیخوڕ و جاشی عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشووری و ئەرمەن و کلدان و سریان و مەندائی و سوننە و شیعەی عیراقی لەدوو بوو. سەددام حوسەین هەر کارێک، هەر تاوانێکی ئەنجامدابێت، تەنیا نەبووە، بەڵکە سەدان هاوکار و هاریکار و ڕاوێژکار و جێبەجێکار و یارمەتیدەری هەبوونە.

سەددام حوسەین، لەسەر ئەنفال و کوردانی فەیلی و گازبارانی هەڵەبجە و کاولکردنی کوردستان و جەنگی دژ بە گەلی کوردستان و عەرەباندن و کەرکووک و بەعساندن و جەنگی دژ بە ئێران و جەنگی دژ بە کووەیت هەڵنەواسرا، بەڵکە لە سەر کوشتنی 148 کەسی خەڵکی دوجێل (دجیل) هەڵواسرا. ئەنفال و هەڵەبجە و کوردانی فەیلی و کاولکردنی کوردستان و عەرەباندن و کەرکووک و بەعساندن و جەنگی دژ بە گەلی کوردستان، کە بۆ کورد پرسگەلێکی سەرەکی و بنەڕتیی بوون و هەن، پەراوێزێنران و بچووکێنران و سووکێنران و بێبایەخێنران.

ئەمەریکای داگیرکار و دەسەڵاتداری عیراق بۆ شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی تاوانەکانی خۆی و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و ڕۆژاوا و کۆمپانییەکانیان و دەسگا سیخوڕییەکانیان، لە هێنانەسەرکاری ڕێژیمی بەعس و سەددام

حوسەین و بەهێزکردن وکۆمەکپێکردنی لە تەواوی تاوانەکانیدا دژ بە گەلی کوردستان و عیراق و ئێران و خۆرهەلاتی ناوین، هەڵواسینی سەددام حوسەینیان گەلێک پێش خست و هەر تەنێ بە تاوانی کوشتارەکەی دوجێل بڕیاری هەڵواسینیان دا. سەددام حوسەین لەسەر ئەنفال و کوردانی فەیلی و گازبارانی هەڵەبجە و کاولکردنی کوردستان و عەرەباندن و کەرکووک و بەعساندن و جەنگی دژ بە گەلی کوردستان و جەنگی دژ بە ئێران و جەنگی دژ بە کووەیت دادگایی نەکرا و بڕیاری هەڵواسینی نەدرا، چونکە لە دۆسێی ئەنفال و گازبارانی هەڵەبجە و کاولکردنی کوردستان و جەنگی دژ بە گەلی کوردستان و جەنگی دژ بە ئێران و جەنگی دژ بە کووەیتدا، گەلێک نهێنی ئاشکرا دەبوو و گەلێک دەسەلات و لایەن و کەسایەتیی (دەرەکی و ناوەکی) نێویان دەهات و تەواوی کاغەزەکانی ئەمەریکا و ڕۆژاوا و دەستوپێوەندەکانیان لە عیراق و کوردستان و دەوروبەر دەکەوتنە ڕوو و ئاشکرا دەبوون.
لە کاتی دادگاییکردنی هەندێک لە هاوکارانی سەددام حوسەیندا بە تاوانی ئەنفال، کە سەددام حوسەین بۆ خۆیشی لەو دادگاییەدا ئامادە بوو و بڕیاری هەڵواسینی پێشەکی درابوو، لە نێو دەوڵەتانی دەوروبەردا نێوی تورکیا هاتە ئاراوە، کە پشکێک یا نۆرەیەکی لە ئەنفال و سەردەمی ئەنفالدا هەبووبێت. هەر لە میانەی باس و پرس و لیکۆڵینەوە و دۆکیۆمینتەکاندا چەندین جار و خێراخێرا نێوی نەزار ئەلخەزرەجی (نزارالخزرجي) و وەفیق ئەسسامەرائی(وفيق السامرائي) دەهاتنە سەر زاری تاوانباران، کە فەرماندەی لەشکر و موخابەرات بوونە و بەرپرسی ئەنفال بوونە و تەنانەت نێوی فەتتاح جافیش هاتە ئاراوە، کە تەواوی ئەمانە نۆرەی لە بەرچاویان لە ئەنفالدا بینیوە. ئەوانە هەندێکیان ئێستاکە لە بڵندترین پایەی دەسەلاتدان لە عیراقدا و هەندێکیشیان لە لایەن دەسەلاتەوە لە عیراق و کوردستان دەپارێزرێن. ئەگەر هاتبا و سەددام حوسەینیش بە تۆمەتی ئەنفال دادگایی کرابا و ڕێگە درابا بە بەردەوامیی دادگاییەکە تا کۆتاییهاتنی هەموو دۆسییەکان و لێکۆڵینەوە لە هەموو تاوانەکان، ئەودەم نەک هەر تورکیا و ئەلخەزرەجی و ئەسسامەرائی و جاف نێویان دەهات، بەڵکە سەدان ولات و کۆمپانیا و بەرپرسی ئەمەریکایی و ئەورووپایی و سەدان و هەزاران سەرکردە و بەرپرسی حیزبی و دەسەلاتداری ئێستای باشووری کوردستانیش نێویان دەهات و کاریگەری و بەشداری و تێوەگلانیان لە ئەنفالدا ئاشکرا دەبوو. جەلال تاڵەبانی، لە دەسپێکی دادگایی ئەنفالدا، ئامادەیی خۆی بۆ گەواهییدان لە دادگادا دژی ئەنفالکاران دەربڕیبوو، بەلام دواتر ئەو باسە پێچرایەوە و نەک هەر تاڵەبانی، بەڵکە هیچ یەکێک لە بەرپرسانی کورد و دەسەلاتدارانی کوردستان ئامادەیی گەواهییدانیان پێشان نەدا، نەبادا کاغەزەکانی خۆیان و پێوەندە ژێربەژێرییەکانی خۆیان خویا ببێت. جەلال تاڵەبانی، وەک سەرۆککۆماری عیراق، وەک چۆن لە گەواهی دژی سەددام حوسەین خۆی دزییەوە هەر بەو جۆرەیش لە مۆرکردنی دوابڕیاری هەڵواسینی سەددام حوسەین خۆی دزییەوە و ئەگەر هۆکاری ئەو هەڵوێست و کارەی هەرچۆنێک بۆ خۆی و دەستوپێوەندانی لێکبدەنەوە، ئەو لێکدانەوەیە تەنێ بەشێکی یەکجار کەمی ڕاستییەکانە و هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو هەڵوێست و کارەی، وەفادارییەتی بۆ پێوەند و هاریکاری و سالانێکی دوورودرێژی نێزیکاتی خۆی لەگەڵ ڕێژیمی بەعس و سەددام حوسەین و بنەماڵەکەی و تێکنەدانی ئەو کەونەپێوەندایەتی و پاراستنی خۆیەتی لەوەی قسەی لە لایەن لایەنگرانی سەددام حوسەین و عەرەبی سوننە و خەڵکانی دیکەوە بێتە سەر. دەسەلاتدرانی کوردستان لە ترسی ئاشکرابوونی ڕۆڵی خۆیان لە خزمەت بە ڕێژیمی بەعس و پێوەندیان لەگەڵ سەددام حوسەیندا لە ئەمەریکاییەکان زیاتر حەزیان بە بڕینەوەی دادگایی سەددام حوسەین و خێراهەڵواسینی دەکرد و بۆ ئەوان تەنێ ئەوە گرنگ بوو، سەددام حوسەین نەمێنێت، ئیدی چش لە ئەنفال و ئەنفالکراوان و تەواوی دۆسێیەکانی تریش. ئەوان ئاشکرابوونی نهێنییەکانی ئەنفال و دۆسێیەکانی دیکە، بە زیانی خۆیان و ناوزڕانی خۆیان و سەرۆکجاشە دۆستەکانیان دەزانن.

بەرپرسان و دەسەڵاتدانی کوردستان ئەگەر ڕاستیان کردبا و وەتەنگ ئەنفال و ئەنفالکراوان و هەڵەبجەییانەوە هاتبان، ئەوا پێش هەر شتێک تەواوی جاش و سووکەجاشەکانی کوردستانیان دادگایی دەکرد، یا هەر هیچ نەبووایە بەرپرس و سەرەزلەکانی ئەو جاش و سووکەجاشانەیان دادگایی دەکرد. ئەوان وەها کارێکیان نەکرد و ناکەن چونکە زۆرێک لەو جاش و سووکەجاش و سەرۆکجاشانە بە قایلبوون و ڕەزامەندی و چاولێپۆشینی سەرانی کورد خۆیان و بە پێکهاتن لەگەڵ ئەواندا جاشایەتی و خزمەتی حوکوومەتی بەغدای بەعس و ئەنفالیان کردووە.
لە سەردەمی دەسەڵاتی سەددام حوسەیندا، بە گەواهی سەرانی ئەو ڕێژیمە و خەڵکانی ئاگادار و ئامار، نێزیکەی نیو میلیۆن جاش و سووکەجاشی کورد هەبوونە. بێجگە لەوەیش سەدان هەزار کوردی دیکەی بەعسی و جەیشوششەعبی(الجيش الشعبي) هەبوونە، تەواوی ئەوانە و ماڵ و منداڵ و خێزان و بەشێکی زۆری کەس و خزمی ئەمانە پێوەنددار و گرێدراوی ڕێژیمی بەعس بوونە و لە سەنگەری بەعس و دژ بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بوونە. تەواوی ئەوانە کورد بوونە. ئەگەر ئامارێکی ڕێکوپێک و دروست هەبووایە و هەبێت، ئەوا ژمارەی ئەو کوردانەی لەگەڵ حوکوومەتی بەعسدا بوونە گەلێک لە ژمارەی ئەو کوردانەی لەگەڵ شۆڕشی کورددا بوونە زیاتر دەردەخرێت. بەشێکی زۆری ئەو کوردانەی ئێستاکە بۆ هەڵواسینی سەددام حوسەین هەڵدەپەڕن و شایی دەگێڕن، بۆ خۆیان لە خزمەتی سەددام حوسەیندا بوون و بۆ خۆیان ئەوێ ڕۆژی بۆ ئەو و بۆ دیداری ئەو و بۆ داکۆکی لەو و بۆ خۆشەویستیی ئەو شاییان دەگێڕا و هەڵدەپەڕین. کورد بۆ هەموو شتێک شایی دەگێڕێت و بۆ هەموو شتێک پیرۆزبایی لەیەکدی دەکەن و بۆ هەموو شتێک گەشکە دەیانگرێت، بێ ئەوەی ئەنجامێکیان وەدەستهێنابێت. کە سەددام حوسەین ڕووخا، کە ئەمەریکا هاتە نێو عیراق و کوردستانەوە، کە هەڵبژاردنی عیراق دەکرا، کە جەلال تاڵەبانی بوو بە سەرۆکی عیراق، کورد هەڵدەپەڕی و.....کە هەر کوردێک دەمی دەکاتەوە دەڵێ:"وا دەزانم ئەمڕۆ لە دایک بوومە" و "ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانمە" و....ئەمڕۆیش، کە سەددام حوسەین هەڵواسرا، هەر وەک جاران و هەر بەو جۆرە کورد پێیانوایە "جەژنەکەیان بوو بە دوو جەژن و دە جەژن و زیاتر" و "شەهیدەکانیان زیندوو بوونەوە" و "تۆڵەی هەرچی بە سەر کورددا هاتووە کرایەوە" و...کەچی کورد بەلای ئەوەدا ناچێت کە ئیدی ئەنفال و هەڵەبجە، وەک پرسەگرنگەکانی گەلی کوردستان، لە ڕووی دادگایی و قانوونەوە، چ بایەخێکیان نەما و بوونە پاشکۆی دوجێل و لەگەڵ هەڵواسینی سەددام حوسەیندا پێچرانەوە!
بە هەڵواسینی سەددام حوسەین بەم خێراییە و پێش تەواوبوونی دۆسێی ئەنفال و دۆسێیەکانی دیکە، ئەمەریکا و دەسەڵاتدارانی عیراق، هیچ بەهایەکیان بۆ قوربانییانی ئەنفال نەهێشتەوە. هەڵبژاردنی ئەم ڕۆژەیش لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ هەڵواسینی سەددام حوسەین، کە لە عیراق و کوردستان و وڵاتانی عەرەب ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربانە، نامەیەکی ئاشکرای پڕ لە سووکایەتییە، بە ئیسلام و وڵاتانی ئیسلامی و حەج، کە ئێستا لە عەرەبستانی سعوودی ئەنجام دەدرێت.
مۆرکردنی دوا بڕیاری هەڵواسینی سەددام حوسەین لە لایەن نووری ئەلمالیکی(نوري المالكي)ی شیعەی سەرۆکی حوکوومەتی عیراق و پەتخستنە ملی لە لایەن چەند کەسێکی دەموچاو هەڵپێکراو و داپۆشراو و دەمامککراوەوە، کە هەموویان شیعە بوون و ئامادەبوونی کۆمەڵێک مەلای شیعە و چەند دادوەر و قانوونییەکی شیعە، بێ ئەوەی تاکە یەک سوننی لەو ئاهەنگی مەرگەدا بێت، کە سەددام حوسەین بۆ خۆی سوننی بوو و گوتنەوەی دروشمی "بژی موحەممەد باقیر ئەلسسەدر(محمد باقرالصدر)"ی شیعەی مردوو و کوشتەی دەستی سەددام حوسەین و "بۆ دۆزەخ" و...هەموو ئەوانە ویست و نەخشەی ئەمەریکایە، بۆ ئافراندن و خۆشکردن و خەستکردنەوە و چڕکردنەوەی دۆژمنایەتی و ناکۆکی نێوان سوننە و شیعە و پتر

خەستکردنەوە و توندکردنەوە و تیژکردنی ڕق و کینەی زۆرینەی سوننەی جیهانە لە کەمینەی شیعەی جیهانی عەرەب و ئێران و ئیسلام.
سەددام حوسەین، کە لەبەر ئەنفال و هەڵەبجە و کوردانی فەیلی و کوردانی بارزانی و وێرانکردنی کوردستان و بە هۆی تاوانەکانی دیکەیەوە دژ بە گەلی کوردستان، سزای مەرگی بەسەردا نەسەپێنرابێت و هەڵنەواسرابێت، بۆ دەبێت کورد بکەوێتە سەما و خۆبادان و شاگەشگە بیگرێت و کاتژمێر چوار و بیستویەک خولکەی بەیانی تەلەفۆننامە بۆ خەڵک بنێرێت و پیرۆزبایی لە خەڵک بکات!
دەگێڕنەوە، کە کەسێک دێتە بارەگای ئەنەوشیروان(531–579)ی شای ساسانییان و پێی ڕادەگەیەنێت، کە فلانە دوژمنی مردووە. ئەنەوشیروانیش پێی دەڵێت:"اگر بمرد عدو جای شادمانی نیست، نیز که زندگانی ما جاودانی نیست"، واتە:"ئەگەر دوژمن بمرێت جێی خۆشی نییە، چونکە ژیانی ئێمە هەمیشەیی نییە". ئەگەر مەبەست ئازاردان و تۆڵەسەندنەوە بوو لە سەددام حوسەین، دەبوو لە زینداندا بهێڵرایەتەوە تا بۆ خۆی وردەوردە دەپووکایەوە و بەرەو مردن دەچوو. ئەگەر هەر سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنرا، دەبوو هەموو زانیارییەکی لێ وەرگیرابا و تا دوادۆسێی دواتاوان بهێڵراباوە و هەموو شتێکی پێ دەرخرابا و ئاشکرا کرابا و دادۆشرابا و ئەوجا لەبەین برابا. بەوەی کە بەم خێراییە هەڵواسرا، لەکۆڵ کرایەوە، لێ بۆ خۆی وەک مرۆڤێک ڕزگاری بوو و بۆ عەرەبێش کرا بە شەهید و قارەمانی نەتەوە و بۆ کوردیش هیچی لێ هەڵنەکرێنرا. بەم هەڵواسینە خێراییە و بەم لەکۆڵکردنەوەیە، سەددام حوسەین لەگەڵ خۆیدا نهێنیگەلێکی زۆری بردە ژێر گڵەوە، کە بۆ کورد، بۆ مرۆڤی ئاسایی و ستەمدیدە و چەوساوە و هەژاری کورد هەرگیز ئاشکرا نابن و هەرگیز قەرەبوو ناکرێن.

2006–12–30